# نێچیری هەڵەبجە(نێچیری هەفتە)

عەلی مەحمود محەمەد 16-3-2004

ئەم گۆشەیە تایبەتە بە ڕێگای کوردستان , ژمارە 324 , بە داوای لێبوردنەوە لێیان پێش ئەوان بڵاوی دەکەینەوە .

- لە ڕۆژنامەی باسەرە نوسراوە عەلی حەسەن مەجید لە 16-3 لە هەڵەبجە دادگایی دەکرێت , هەرچەندە ئەم ڕۆژنامەیە دروشمەکانی هەموو کات ئاگراوین , بەڵام قەت جدی نین , زۆرجار لە کەمی دەدات و ناگەڕێنەوە سەری , وادەزانن زاکیرەمان لەمەش لاوازە وەك مێژوو , ڕۆژنامەی دروشمباز بۆ ڕاکێشانی خەڵکی عاتیفی پێویستە لە قۆناغی دیموکراسی . باشە ئەگەر کیمیاوی دادگا نەکرا لە هەڵەبجە چی بکەین ؟؟, نازانم ئەمە گاڵتەی نیسانە یان گەمەی پێش شەهادەتە , چونکە پێشتر نوسیبویان یان حەمرین یان دەمرین , خەریکە نەك حەمرین پردێشمان لە دەست چێت , ئیتر نازانم دەستەی نوسەران خۆیان بەختە کەن و دەگەنە کاروانی شەهادەت , یان هێزی سەرنوسەرو خاوەند ئیمتیاز خۆیان دەتەقێننەوە لەبان قەنەفەی گەرم و نەرم . خوا خێرمان نەنووسێت یەکەمجار بانگەوازی ئەو دادگاییەی عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجەمان بڵاوکردەوە , دەنا ئێستا نە عەلی کیمیاوی پەلکێشی هەڵەبجە دەکرا بۆ کۆکردنەوەی دەنگی ئەنجومەنی پارێزگا , نە ئەوەندە نان و پیازی پێوە دەخورا , سەروتار و مانشێتی پێ دەڕازێنرایەوە بۆ مزایەدەی سیاسەت .

- گرنگ نییە بەرپرسان لەسەر نوسین و جموجۆڵەکانم لچم لێ خوارە کەن یان لە قایمەی ڕەشا ناونوسمە کەن بۆ ڕۆژی خۆی , کەی جیهان تەسی دا بۆ دواوە , منەتیان نەبێت با وەك 2 دەیە لەمەوپێش بە لێدان و زیندانەوە لێم بپرسنەوە , هەر نا چەورەی زەوی و دەفتەرە دۆلار و ڤیزە وەرگر زۆرە بۆ پروپاگەندە دروستکردن. گرنگ ئەوەیە بەلامەوە پەیتا پەیتا تەلەفۆن و ئیمەیلم لە خانووە قوڕەکانی هەڵەبجەو گەرمیانەوە پێ دەگات , هەواڵی نوێ ودەست خۆشیم لێ دەکەن . برادەرێك لە هەڵەبجەوە بۆم دەنوسێت و دەوڵێت : ئەگەر دتوانیت لەسەر ڕێگاو بانی سلێمانی- هەڵەبجە بنووسە , کارەساتەکەی کەمتر نییە لە کیمیاوییەکە . تا ئێستا چی حکومەتێك هاتووە لەم عێراقە, هەڵوێستییان هەر یەك بووە لەسەر هەڵەبجە ,حکومەتی کوردی بوو بێت یان دەوڵەتی عەرەبی , عەلمانی یان ئیسلامی . جادەی نێوان هەڵەبجە و سلێمانی سەنگەر لە ناو چاڵەکانی بگرە بەرامبەر فەیلەقێکی دوژمن , بەڵام جادەی قەڵاچۆڵان دوو سایدە, ئەوەندە لوسە دەرزی لەسەر بزر نابێت , مەسیفیش وا 2 سایدی بۆ زیادەکرێت , لە ژیانیشییان نە یەك قرانییان لە هەڵەبجە خەرج نە کردووە , جگە لە دەنگ کڕینەکان , یەك پولیشیان بە قوربانییەکی هەڵەبجەو ئەنفال نەداوە , دەشیانەوێت خەڵکی هەڵەبجەو گەرمییان دەنگییان بۆ بدەن , نەیخۆن تاڵە . دۆلار هەر زۆر بێت وەك ئێستا , جادەی پایتەختە سیاسییەکان دەبن بە 4 ساید . گوێی مەدەنێ هەڵەبجە ویژدانی کوردستان و دوکانی بازرگانانە .

– یەکی دیکە بۆم دەنووسێت دەڵێت:ماڵێك خاوەندی 8 شەهیدن ئاوی تێکەڵ بە زێراب دەخۆنەوە , ئەمەیان گرنگ نییە , هەڵەبجەییەکان هەر فێری کیمیاوین , لەگەڵ ئاو بێت یان هەوا. خەڵکەکە دەڵێن کە دەچین داوای چارەسەری بۆ ئاوەکە دەکەین , دەڵێن ئەو خانییانە کۆنن دەیان ڕوخێنین و دەیانکەین بە پرۆژەی ئابووری . دیارە مەسئولەکان زەوی شارەکانییان هەموو لوش داوە , نۆرە گویشتۆتە سەر قەزاو ناحییەکان , دەنا کەی بە زەوی هەڵەبجە دڵییان ئاوی خواردۆتەوە . خەڵکینە هەر دەرکران بە تەمای کوردستان مەبنەوە , تەماحی بەرپرسان ترسناکترە لە مەرگی سیانیید , خۆتان بگەیەننەوە خێمەکان پاوە .

– جاران هەڵەبجەییەکان داوای شتییان دەکرد دەیان ووت : ئیسلامییەکان ڕێگە نادەن خزمەتگوزاری ڕاپەڕێنین لە شارەکەتان , ئێستا ئیسلامی دەستییان نەك بە کڵاو خۆیانەوە گرتووە, تەنانەت ناوێرن عەمامەش لەسەرکەن و بە کەیفی دڵ ڕیش بەردەنەوە , دۆلاریش نەك بە فەردە بەڵکە بە لۆرییە , کەچی وەك عەیامی زوو هەر ڕوبە حوکمە کات لە هیرۆشیمای کوردستان . ئەوە عەرزو ئەوە گەز , چاڵەکان پڕ کەنەوە , شوقەی سەکەنی و ڤیلای مەرمەڕی و تەقاعودی فەرماندەیی و سەفەری هاندەرانییان لێتان ناوێت . هەمووی لۆۆۆۆ خۆۆتاننننن – چاو چنۆك و دزەکاننننننن .

– یەکێ دیکە دەڵێت: سەردانی بەڕێوەبەری شارەوانی هەڵەبجەم کردووە, ناوی ح ئیسلامییە , داوای پاك و خاوێنی شارم لێیان کردووە , لە وەڵامدا ووتویەتی: هیچم بە دەست نییە, لە 2–3 ئۆتۆمۆبێلی زبڵ زیاترمان لە شارا نییە . داوامان لە وزارەتی شارەوانی کردووە لەسەر ئەرکی خۆمان شۆفەڵ بکڕین ڕازی نەبوونە , لە سەردەمی بەعس 21 ئۆتۆمۆبێلی زبڵمان هەبووە لە شاری هەڵەبجە , بەڵام ئێستا 2+1–1. باشە سەرۆکی شارەوانی ئەگەر هیچی پێ ناکرا , بۆ لە پرۆسەی هەڵبژاردنا پەیمانی گەورە گەورەی بە خەڵکی دا , مەگەر نەیزانی ئەو درۆی مەسلەحەتە زیان بە خەڵکە گەیەنێت ؟؟ . ئەدی باشە خەڵکەکەش بۆ ئەوەندە زاکیرەیان لاوازە , لۆچی فەجر و فەتح و فتوحەکانییان لە بیر نەماوە کە سەری کەس و کارییانی خوارد؟؟؟ . یان ئەوانیش فێرن ئەوەی لە شاردا دەسەڵاتدار بێت , دەنگەکەیان وەك شیری بەر دایك حەڵاڵی ئەوانە , ئەوڕۆ ئیسلامی سبەی عەلمانی و پێرێش کۆمۆنیست .

– ئەم مەتەڵە هەڵ بێنن , هۆی چییە خەڵکی شاری هەڵەبجە زستانان بە جزمەوە لە ناو شار دەسوڕێنەوە ؟؟ . لەبەر پاشماوەی کیمیاوییەکەیە یان قوڕاوی سەر ڕێگا کاشی کراوەکان , یاخود زبڵی سەر ڕێگاکان چونکە حاوییە لەو شارە یاساغە ؟؟؟ .

– ناوچەی قوربانییان لە هەڵەبجە لەبەر تاریکیی وەك ئەفغانستانە, کەچی ناوچە ئیسلامییەکان لەبەر شەوقی ئەلکتریك تەشبیه بەو نەبێت ئەڵێی شیکاگۆیە ,چونکە هەڵەبجە وەك فەلوجە موقەدەسە لای مامۆستا ع . هەموو شت لە کوردستان پێچەوانەیە , دەبوایە برا موسڵمانەکان قەت لەبەردەم نوری کافران زکرییان نەکردایە , بەتایبەت نوری دزیاری , ئیتر نازانم کارەبا دزین حەڵاڵە یان حەرام , ئەگەر حەرامە بە شەرعی من لە جیاتی دەست ڕیشە پیسەکانییان ببڕنەوە.

– هەموومان چیرۆکی بانکەکەی هەڵەبجە و چارەنوسی بیست و پێنجییە ئەسپدار و سەدامیی و دەبیە بەرماڵ و ئەبو ڕیشەکانمان لە یادە,کە بە فەردە لوش دران , ئەوانەی پارەیان لە بانکەکە خەواندبوو , هەموو ناوییان نوسراوە ,

دەفتەرەکەش تا ئێستا لە بیٚ شانسی دزەکان وەك خۆی ماوە . ئێستا ئەو خەڵکە داوای تەعویزە کەن کەچی ئەم دەس و ئەو دەسییان پێدەکەن , داوای قازانجیشییان نەکردووە داماوانە کە مافی خۆیانە , چونکە پارەکەیان لە کاردا بووە ئەم **17** ساڵە . بابە نەمان ووتوە تەعویزی کیمیاوییەکە بکەنەوە , بەڵام هەموو دەزانیین پارەی ئەو خەڵکە موسادەرەی شۆڕشگێرانە کرا , چووە گیرفان کێوە !!, خۆرەتاو نەك بە بێژەنگ بە فەردەی داخشینیش ناگرترێت , ئێستا لە پارەی نەوتە حەیاتەکە بیاندەنەوە . سەدام دەیووت : موڵکی شەعب للشەعب , نازانم ئێوە دروشمتان چییە ؟؟ , موڵکی شەعب بۆ چەکە یان مەڕمەڕ و خواردنەوە . ئەوەی خیت کرا وەك شیری بەر مەمکی دایك حەڵاڵتان بێت , لە موڵکی شەعب بیان دەنەوە , خۆ دەزانیین موڵکی شەعب هەر بۆ ورگ بەرمیل و غەبغەبەی بۆینباخ لە ملانە .

– لە سنە **5000** دار بە بۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە دەنێژرێت , نازانم کەی **30000** دار بۆ شەهیدانی **28** ڕۆژەی سنەو پاوەو مەهاباد و قاڕنەو قەڵاتان و ئیندرقاش دەسوتێنرێت , ئەوان فێرن بۆ قوربانییانی وولاتان دار دەنێژن , بۆ قوربانییانی خۆشییان وولات و مرۆۋ دەسوتێنن !! .